# ئامانجه ستراتیژیەکانی رزگاری

١- رزگارکردنی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆو چەسپاندنی دیموکراتی و دەوڵتی یاسا و دادپەروەری کۆمەلایەتی

٢- بەکارهێنانی سامانی نیشتمانی بۆ پێشخستنی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە، بەتایبەتی خۆشکردنی ژیان و بەختیارکردنی چینی کرێکارو رەنجدەرو هەژارانی کوردستان .

٣- مرۆڤ گەورەترین سەرمایەی سەر روی زەوی‌یە دەبێ بواری پێبدرێت بۆ پەرەپێدانی وزە و توانای داهێنەرانەی خۆی لە رووی زانستی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری‌یەوە بەمەبەستی راژەکردنی مرۆڤایەتی. هەروەها دەبێ مافی مرۆڤ بپارێزرێت .

٤- مرڤی کورد لە هەر شوێنێ بێت سەرمایەیەکی نەتەوەییەو دەبێ بۆ خزمەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی بخرێتە کارو بپارێزرێت . هەروەها مرۆڤەکانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش سەرمایەی گەل و نیشتمانن و پێویستە بە تێکڕایی لە بەرژەوەندی بالای گەل و ولات بسازێن .

٥- نەتەوەکانی کوردستان براو هاونشتمانی کوردن ،هاوکاریان دەکەین بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان .

٦- مافی پەنابەرێتی لە کوردستان دەپارێزرێت .

## ئامانجەکانی ئەم قۆناغە

### ئەلف / لە رووی سیاسی‌یەوە

١- گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆ کوردستان و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ

٢- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی تازەی پارلەمان و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی.

٣- رزگارکردنی ناوچە بەعەرەب کراوەکان و گێڕانەوەی ئاوارەو کۆچدراوان بۆ جێگەی خۆیان ، بەتایبەتی گێڕانەوەی کوردە فەیلیەکان و بژاردنی ئەو زەرەرو زیانەی کە لێیان کەوتووە و پێدانەوەی ناسنامەی هاونیشتمانی .

٤- بۆ قۆناغی هەنووکەیی لە باشوری کوردستاندا فیدراڵی بە دەستکەوتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەناسین و داکۆکی لێ دەکەین و دەیپارێزین و هەوڵی گەشە کردنی دەدەین .

٥- هەموو جۆرەکانی تیرۆر مەحکوم دەکەین ، بەتەواوی لەگەڵ ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسین . گرتن و ئەشکەنجەدان لەسەر بیروباوەڕ تاوانبار دەکەین .

٦- دیکتاتۆریەت و پاوانکاری سیاسی و جوکمی تاك حزبی رەت دەکەینەوە.

٧- دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی و ئارامی خەڵك ئەرکەی حکومەتی هەرێمەو دەبێ ڕێگە نەدرێت کەس ئاسایش تێك بدات و ڕێگەش لە سیسخوڕانی ئەملاو ئەولا بگیرێت .

٨- هێزی میلیشیای حزبەکان هەڵبوەشێتەوەو سوپای کوردستان لەسەر بنەمای یاسای خزمەتی سەربازی (تەجنیدی ئیجباری) پێکبێت .

٩- دیاریکردنی سنووری حکومەتی هەرێم و تەواوکردنی بڕیاری فیدراڵیزم و دەرکردنی دەستورێکی هەمیشەیی بو کوردستان و بڕیاردان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی فیدراڵیزم .

## بێ / لە بواری کۆمەلا یەتیدا

١- خێزان شانەیەکی گرنگ و بنچینەیی کۆمەڵە ،دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی کوردەواری بپارێزرێت .

٢- کەسایەتی مرۆڤی کورد لەسەردەستی داگیرکەر تێکشکاوە ، دەبێ سەر لە نوێ لەسەر بنچینەی باوەڕ بە خۆبوون و لەسەر بنەمای بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی بنیات بنرێتەوە.

٣- پاراستنی ماڤی ئافرەت و دەستەبەر کردنی یەکسانی هۆشیارانە لە نێوان ژن و پیاودا.

٤- ژیانی خەڵکی بێکار زامن بکرێ و ئاستی گوزەرانی کرێکارو ڕەنجدەرو فەرمانبەرو خانەنشینە کەم دەرامەتەکان بەرز بکرێتەوە.

٥- بیمەی کۆمەڵایەتی لە بواری کارو خوێندن و تەندروستی و خێزانی دابین بکرێت .

## جیم / لەبواری خوێندن و ڕۆشنبیریدا

١- دانانی بەرنامەیەکی هاوچەرخ کە لەگەڵ بەرژەوەندی و داخوازیەکانی سەردەم بگونجێت .

٢- گرنگی بە زمان و فەرهەنگ و وێژەو هونەر بدرێت .

٣- پاراستن و پەرەپێدانیکولتورو فۆلکلۆرو شوێنەوارە مێژوویەکان .

٤- بە کوردی کردنی ئەو دەرسانەی کە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا بە عەرەبی دەگوترێنەوە.

٥- بە خۆڕایی کردنی خوێندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و دابینکردنی بەشی ناوەخۆیی بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار و بڕینەوەی یارمەتی بۆ خوێندکارە هەژارەکان .

٦- لەتەك پیتی عەرەبیدا ، پیتی لاتینی بۆ نووسین و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندن بەکاربهێنرێت .

٧- لە قۆناغەکانی خوێندن قوتابیانی نەتەوەکان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن .

٨- بایەخدان بە دانان و وەرگێڕان و دەستەبەرکردنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.

٩- پێکهێنانی کۆڕی زانیاری کورد بۆ بڕیاردان لەسەر زمانی خوێندن و زمانی ئەدەبی .

## دال/ له بواری ئابووریدا

١- داهاتەکانی کوردستان مولکی گەلی کوردستانن ،نابێ لەلایەن حزبەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم .

٢- ئەو کۆمەك و یارمەتیانەی کە لەلایەن رێکخراوە خێرخوازەکانەوە رەوانەی کوردستان دەکرێن ، نابێ لەلایەن حزبەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێ ، دەبێ حکومەتی هەرێم بە بەرنامەیەکی بەسەر خەلکی هەژارو بەشمەینەت و کەمداهات دابەشی بکات .

٣- ئاوەدانکردنەوەی دێهات و شارۆچکەکان و پەرەپێدانی کشت وکاڵ و ئاژەلداری و پیشەسازی ، بەمەبەستی پێکهێنانی دامەزراوی بەرهەمهێن لە کوردستاندا.

٤- کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی کوردستان و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەداری .

٥- وەگەڕخستنەوەی پرۆژە و کارگە بەرهەمهێنەرەکان و دەولەمەند کردنیان بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن .

٦- چارەسەرکردنی کێشەی زەوی ، بەمەرجێ‌لە بەرژەوەندی جووتیاراندا بێتەوە ، زەوی مولکی ئەو کەسە بێ کەبۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەی خێزانەکەی رەنجی تێدا دەدات .

٧- بە مەبەستی وەدی هێنانی یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی باجە سەرەو ژوور دابنرێت و رێگە لە بردنە دەرەوەی سامانی کوردستان بگیرێت .

٨- گرنگی و بایەخدان بە گەشت و گوزار و هاوینە هەوارو ژینگە بدرێت .

٩- پاکتاوکردنی شوێنە بەمین چێنراوەکان و بوژاندنەوەی دارستانەکان .

١٠- هەولبدرێت سامانەکانی ژێرزەوی کوردستان دەربهێنرین و لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و خۆشکوزەرانی و پێشخستنی کۆمەڵ خەرج بکرێن .